# سەرکردایەتیی محەمەد سوودانی.. دەرفەت و لەمپەرەکان

**د. یاسین تەها** دکتۆرا لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان

بڕیارە ساڵی داهاتوو (2025) عێراق بچێتەوە ناو هەڵبژاردنی گشتیی ئەنجومەنی نوێنەران، ئەمەیش واتە چوونەوەناو گێژاوی پێکهێنانەوەی حکوومەت و مشتومڕی یەکلاکردنەوەی بەربژێری سەرۆکایەتیی وەزیران کە گرێی گەورەی ماڵی شیعی و پرۆسە سیاسییەکەیە. هەرچەندە دەورووبەری 20 مانگی ماوە بۆ وادەی ئەو وێستگە دەستوورییە، بەڵام ئەمساڵ (2024) بناغەیەکی یەکلاکەرەوەیە بۆ ئامادەسازی و نەخشەڕێژیی پرۆژە سیاسییەکانی ساڵی داهاتوو کە هەڵمەتی هەڵبژاردن لەخۆ دەگرێت. ئەم شرۆڤەیە لەسەر بەرنامە و هەوڵی محەمەد شیاع سوودانی بۆ خۆسەلماندن لە دەرەوەی هەژموون و عەبای هێزەکانی "چوارچێوەی شیعی" هەڵوێستە دەکات، هەروەها تیشك دەخاتە سەر لەمپەر و ڕێگری و دەرفەتەکانی بەردەم کارەکتەری سیاسیی سەرۆکوەزیرانی ئێستا.

**بنکەی سیاسیی سوودانی**

لە پاش کەوتنی ڕژێمی بەعس لە 2003 تا کۆتاییی 2019 محەمەد شیاع سوودانی کادری حزبی دەعوە و نوێنەری لیستەکەی مالیکی بوو (دەوڵەتی یاسا) لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراق، بەڵام دوو مانگ پاش تەقینەوەی ناڕەزایییەکانی تشرین (2019)، ناوبراو دەستلەکارکێشانەوەی لە ڕیزەکانی حزبی دەعوە ڕاگەیاند و جەختی کردەوە "ئینتیمای یەکەمی بۆ عێراقە."[1] ئەم وازهێنانەی سوودانی کە لە خێزانێکی خاوەن قوربانیی حزبەکەیە، لە دەمی خۆیدا وەها لێك درایەوە؛ ئامادەکارییە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران، چونکە ئەوکات گەنجە ڕاپەڕیوەکان دژی هەموو دەموچاوێکی حزبی و تاقیکراوە دەوەستانەوە. هەندێکیش پێیان وابوو وازهێنانەکە بەشێکە لە پلانی حزبی دەعوە بۆ دروستکردنی سێبەر و باڵی پەسەندکراو لەنێو شەقامی ڕاپەڕیوی ناوەڕاست و باشووری عێراق.

پلانەکەی سوودانی دەمودەست بەدی نەهات و پۆستی سەرۆکوەزیران بۆ مستەفا کازمی ڕۆیشت (نیسانی 2020)[2]؛ لە بەرامبەریشدا سوودانی وەك پەرلەمانتار مایەوە بە نوێنەرایەتیی قەوارەیەکی سیاسیی تایبەت بە خۆی بە ناوی "تیار الفراتین". پاش کۆتاییهاتنی وادەی حکوومەتی کازمی و لە ئۆکتۆبەری 2022، محەمەد شیاع سوودانی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕاسپێردرا[3]. ئەوانەی سوودانییان پاڵاوت، "چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە" بوون، ئەم هێزە تەبیعات جۆراوجۆرانە لەژێر گوشار و بارودۆخێکی سیاسیی هاوشێوەی دانانی "کازمی"دا، ناچار بوون سوودانی ڕاسپێرن بۆ سەرۆکایەتیی وەزیران و بژاردەی بەردەمیان زۆر نەبوو، چونکە لە لایەك نەدەگەیشتنە ڕێککەوتن و، لە لاکەی تر هێشتا ئاسەواری خوێن و دووکەڵی پێکدادانە ناوخۆیییەکانی شیعە لەنێوان چەکدارانی سەدر و گرووپەکانی بریکاری ئێران لە کوچە و کۆڵانەکانی ناوچەی سەوزدا مابوو[4]. ئەمەیش دانانی سوودانی وەك سەرۆکوەزیرانی دۆخی ڕێکنەکەوتنی لایەنە شیعەکانی، کردە کارێکی ناچاری لەسەر هەمان شێوازی دانانی عادل عەبدولمەهدی

(2018) و مستەفا کازمی (2020)، کە دوو سەرۆکوەزیرانی بێحزب و بێفراکسیۆن بوون لەنێو پەرلەمان.

بنکە سیاسی و پەرلەمانییەکەی سوودانی دوو بەشن: هەندێکیان لە حکوومەتدان و دۆستی نزیک یان هاوپەیمانی ئێرانن (دەعوە، بەدر، عەسائیب، حیکمە و...)، هەندێکی تریان لە دەرەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراقن و ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە سوپای پاسدارانی ئێرانەوە (کەتیبەکانی حزبوڵڵا و بزووتنەوەی نوجەبا و...). لەبارەی هاوکێشەی پەیوەندییشیان بە سوودانیی سەرۆکوەزیرانەوە، قەیس خەزعەلی، ئەمینداری گشتیی بزووتنەوەی عەسائیب، کە ڕۆڵی هەبوو لە کاندیدکردنەکە، جەختی کردەوە "هێزەکانی موقاوەمە" وەك بەڕێوەبەرێکی تەکنۆکرات تەماشای سوودانی دەکەن؛ بە شێوازێك کە ئاراستەی بڕیارە ئەمنییەکانی بەدەست "چوارچێوەی هەماهەنگی" بێت[5]. لە بەرامبەریشدا سوودانی پاش دەستبەکاربوون، ئاسانکاریی زۆری بۆ گرووپە شیعەکان کرد، لەوانەیش سپاردنی وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بە دوو هێزی چەکداری شیعەی سزادراو لەلایەن ئەمریکا (عەسائیب و جوندولئیمام)؛ هەروەها ڕەزامەندیی لەسەر دامەزراندنی کۆمپانیای "مهندس" بۆ حەشدی شەعبی دا بە سەرمایەی 100 ملیار دینار (کۆتاییەکانی 2022)[6]، لەگەڵ بەخشینی زۆر ئیمتیازی تری حکوومی بە هێزە شیعە چەکدارەکان، بەتایبەت کە سەدر لە گۆڕەپانەکە ئامادە نەبوو و، بۆشاییی زۆری بۆ هێزە شیعە ڕکابەرەکان بەجێ هێشت.

### پایەکانی پرۆژەی سیاسیی سوودانی

لە ساڵی 2021 و بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان، محەمەد شیاع سوودانی ڕەوتێکی سیاسیی بە ناوی "الفراتین" دروست کرد، بەڵام لە هەڵبژاردنی 2021دا تەنیا دوو کورسیی بەدەست هێنا و پاش کشانەوەی سەدر، بوو بە سێیان[7]. بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان (کۆتاییی 2023) سوودانی خۆی بەدوور گرت لە بەشداریکردن بە پاساوی ئەوەی ئەرکێکی مێژوویی لەسەر شانە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و، سەرقاڵی چاکسازی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە[8]؛ بەڵام لە دەرەوەی ئەم پاساوە فەرمییە، دەگوترا لەژێر گوشاری لایەنە شیعەکان سوودانی نەچووەتە ناو هەڵبژاردن بۆ ئەوەی کەڵك لە پێگە و پۆستەکەی وەرنەگرێت. بۆچوونی تر هەیە پێی وایە سوودانی خۆی هەڵگرتووە بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی 2025. لەم ماوەیەیشدا خەریکی بەهێزکردنی پێگەی خۆی و ڕەوتە سیاسییەکەی دەبێت کە ئێستا لە پشت پەردەوە کار بۆ ناو و وێنەی سوودانی دەکەن و چەند باڵێکی میدیاییان بۆ ئەو مەبەستە خستووەتە کار[9].

جگە لە حزبە سیاسییەکەی، یەکێکی تر لە پایەکانی پرۆژەی محەمەد شیاع، عەشیرەتەکەیەتی (سوودانی). لەم نێوەیشدا زانیارییەك هەیە کە سوودانی پاش دەستبەکاربوونی، دەوروبەری 150 کەسی لە عەشیرەتەکەی خۆی لە دەزگەی هەواڵگری دامەزراندووە[10]. هەندێك چاودێری شیعەیش باس لە بەعەشیرەتکردن و بەسوودانیکردنی ئەم کابینەی ئێستای حکوومەت دەکەن؛ بەو پێیەی جگە لەوەی سەرۆکوەزیران، کە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانە، سەرۆکی دەزگەی هەواڵگریی عێراق "ئەحمەد سوودانی"یە، جێگری فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان "مستەفا سوودانی"یە، بەرپرسی دۆسیەی دەروازە سنوورییەکان کەسێکی سوودانییە، هەروەها چوار هەڵسووڕێنەری ئۆفیسی سەرۆکوەزیران لە عەشیرەتی سوودانین[11]. هەرچەندە پاساوی دامەزراندنی ئەم ژمارە زۆرەی سوودانییەکانیش لە پایە گرنگەکانی دەوڵەت، نەبوونی متمانەیە بە خەڵکانی دی، بەڵام هەندێك بە ئەزموونێکی هاوشێوەی سەددام و تا ڕادەیەك هی مالیکی دەبینن لە بەعەشیرەتکردن و بەخێزانیکردنی دەزگەکانی ئاسایش و سوپا و حکوومەت. باوەڕیش وایە گرووپە چەکدارکانی شیعە بۆیە بەم هەنگاوانەی سوودانی ڕازین، چونکە پێیان

وا بووە سوودانی لە ڕێگەی هێشتنەوەی پۆستە هەستیارەکان لە دەستی خۆیدا بەر بە ڤیتۆ و تووڕەیی ئەمریکییەکان دەگرێت، ئەگەر ئەو پۆستانە بکەوێتە دەست گرووپە چەکدارە شیعەکان. سەرباری ئەمەیش هەیانە- وەك بزووتنەوەی عەسائیب- ڕەخنەی هەبووە و چاوی لەسەر ئەوە بووە هەندێك لەو پۆستانەی بەربکەوێت.[12]

**میکانیزمی کاری سوودانی**

جیاوازیی سوودانی لە سەرۆکوەزیرەکانی پاش 2003 ئەوەیە لە دەرەوەی عێراق نەژیاوە، بەڵکوو لە ناوخۆ وەك ئەندازیاری کشتوکاڵ لە پارێزگایەکی باشوور (میسان) کاری کردووە[13]، هەروەها وەك سەرۆکوەزیرانەکانی تری پێش خۆی ڕەگەزنامە و ئیقامەی وڵاتانی ئەوروپای نییە. جیاواز لە مستەفا کازمی، کەمتر کار لەسەر نێوانگیریی ئیقلیمی و دەرکەوتن وەك ژمارەیەکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات؛ لە بری ئەوەیش زیاتر چاوی لەسەر ڕاپەڕاندنی پرۆژە و کاری مەیدانی و خزمەتگوزارییە. ئەم ستایلەیش ئیلهام لە ئەزموونی "عەبدولکەریم قاسم" وەردەگرێت (1958_1963) کە بەهۆی پرۆژەکانییەوە هێشتا لای زۆر لە عێراقییەکان جێگەی ستایشە. ئەوەیشی یارمەتیی سوودانی دەدات و تا ئێستا بەختی هەیە تێیدا، بەرزیی نرخی نەوتە؛ هەروەها بەهۆی گۆشەگیریی سەدرەوە جۆرێك لە ئۆقرەیی سیاسیی دەگمەن تا 7ی ئۆکتۆبەری 2023 لە عێراقدا بەرقەرار بوو. لە سایەی ئەم دۆخەیشدا سوودانی دەست بۆ چەند پرۆژەیەکی گەورە و گرنگ بردووە کە بێ پێشینەن. نموونەی ئەو پرۆژانەیشی ئێستا سوودانی پێیانەوە سەرقاڵە بریتین لە:

- ڕاگەیاندنی بنیاتنانی "شاری نیشتەجێبوونی عەلی وەردی" لە نزیك بەغدا لەسەر ڕووبەری 30 هەزار و 256 دۆنم بۆ دروستکردنی نزیکەی 100 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون، لەگەڵ پێشکەشکردنی ئۆفەری تایبەت بە هەژاران و ئەوانەی داهاتیان سنووردارە کە نیوەی نرخە[14]. جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەیش سپێردراوە بە ملیاردێری میسری "نەجیب ساوێرس" و، سەرباری ئەوەیش پرۆژەکەیش گەورەترینە لە عێراق؛ یەکێکیشە لە پێنج شاری تری نیشتەجێبوون کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون، بەدەست حکوومەتی سوودانییەوەیە [15].
- ڕاگەیاندنی "پرۆژەی میترۆی بەغدا"، کە گەورەترینە لە ناوچەکە و 85%ی ڕووبەری پایتەخت دەگرێتەوە بە درێژاییی 148 کم و 64 وێستگە بە نوێترین ستانداردی جیهانی. ژمارەیەك کۆمپانیای ئەوروپی و ئاسیایی و قەتەری و ئیماراتی ئامادەن بە شێوازی وەبەرهێنان سەرپەرشتیی پرۆژەکە بکەن[16].
- ڕاگەیاندنی "پرۆژەی هێڵی خێرای هەڵواسراوی شەمەندەفەری نەجەف _ کەربەلا"؛ درێژیی ڕێڕەوەکەی دەگاتە ٩٠ و بە خێرایی تا ٢٤٠ کم لە کاتژمێرێکدا. توانای هێڵەکە گواستنەوەی 25 هەزار کەسە لە کاتژمێرێکدا و مەودای نێوان ئەو دوو شارە ئایینییەیش بۆ 20 خولەك کەم دەکاتەوە[17].
- هەڵمەتێکی میدیایی و هی ڕاگەیەنراو هەیە بە ئاراستەی تیشکخستنە سەر خزمەتگوزاری و پرۆژەی ئاواکاری لە عێراق لە سەردەمی سوودانی. ئەم هەڵمەتە جەخت لەوە دەکاتەوە بەرنامەی کاری ئەم حکوومەتە بە پلەی یەکەم خزمەتگوزارییە؛ لەسەر زەوییش لە بەغدا و دەروازەی پارێزگاکان تیم و کۆمپانیاکان لە جوانکردن و چاککردنی ڕێگەوبان و دەروازەی شارەکان و کەمکردنەوەی

قەرەباڵغیی جادەکان دەستبەکارن[18].

لەگەڵ ئەمانەیشدا ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕەخنە و گازندەی ئەندازەیی هەیە کە پرۆژەکانی سوودانی، زیاتر بۆ مەبەستی ڕیکلامی سیاسی پێش خراون، ئەگینا زەمینەی گونجاویان نییە، کواڵێتییان باش نییە و تێچوویان زۆرە، چونکە نەخراونەتە کێبرکێی پێویستەوە و، بەم هۆیەوە ڕەنگە ئامانج نەپێکن و لێکەوتەی خراپی ئەندازەییان هەبێت[19].

**جەماوەری سوودانی لە شەقامی عێراقیدا**

بەپێی ڕاپرسییەکی دامەزراوەی "گالووپ" کە بنکەکەی لە "واشنتن"ە، محەمەد شیاع سوودانی، بە ڕێژەی 69% لەنێو خەڵکدا پەسەند کراوە، ئەمەیش بەرزترین ڕێژەیە کە سەرۆکوەزیرانێک لە ساڵی 2012 بەدواوە لە عێراق پێی گەیشتبێت. لە وردەکاریی ڕاپرسییەکەدا ئەوەیش هەیە کە گەنجانی خوار تەمەن 30 ساڵ کە بنکەی ناڕەزایەتییەکانی تشرین بوون، بە ڕێژەی 68% بۆچوونی ئەرێنییان لەسەر سوودانی هەیە؛ هەروەها لەوەیش جێگە سەرنجتر، زۆرینەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی 55% هاوڕان لەگەڵ ئەدای کارەکانی سوودانی. لە بەرامبەریشدا 71%ی عێراقییەکانی تر هەمان بۆچوونی باشیان لەسەر ناوبراو هەیە؛ ئەمە لە کاتێکدا 86%ی عێراقییەکان پێیان وایە گەندەڵی لەنێو دەزگەکانی حکوومەتدا بڵاوە، کە یەکێکە لە بەرزترین ڕێژەکان لە جیهاندا[20]. سوودانی کە ئێستا نوێنەرایەتیی چوارچێوەی شیعە دەکات، لە ماوەی ئەو 20 ساڵەی پێش وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتیی وەزیران، کاتێك لە پەرلەمان و حکوومەتدا وەك وەزیر و پەرلەمانتار کاری کردووە، لێدوانی توند و زبری بەرامبەر پێکهاتەکانی کورد و سوننە یان تورکمان نییە. هەرچەندە لە کابینەکەی ئەودا کە ئێستایە، هەرێمی کوردستان و نوێنەرایەتیی سیاسیی سوننە، زەبری گەورەیان بەرکەوتووە و لەژێر گوشاری جۆراوجۆردان، بەڵام سیاسەتی پەیڕەوکراوی ئەو زۆر جار بێدەنگییە. لە گوتاری سیاسیی فەرمیی کوردی و سوننیشدا سوودانی تۆمەتبار نییە بە دژایەتیکردنی هیچ لەو دوو پێکهاتەیە، بەوپێیەی تێگەیشتنی ئەوە هەیە ناوبراو خاوەن بڕیاری تەواوەتی نییە لە حکوومەتدا. جگە لەوەیش خۆی هەوڵی دروستکردنی گرژی و کێشە نادات؛ ئەوەندەیشی بکرێت و بتوانێت هەوڵ دەدات ڕۆڵی ئەرێنیی هەبێت و لانی کەم نەبێتە لایەن لە کێشەکان.

لەسەر ئاستە سیاسییە شیعەکەیش بۆچوونێکی تا ڕاددەیەك زاڵ هەیە، کە سوودانی ئیدارییەکی باشە، نەرێتی کلاسیکییانەی لە کاری حکوومیدا هەیە، نوێنەرایەتیی ئەو شیعانە دەکات پێیان وایە بیروباوەڕ جیا بکرێتەوە لە دامودەزگەکان؛ لەگەڵ ئەمەیشدا چانسی سیاسیی سوودانی مەحکوومە بە ڕاددەی سەرکەوتنی بەرامبەر کۆمەڵێك سەرکردەی تری شیعە. ئەو سەرکردانە "وەك بەڕێوەبەرێکی نوێی جێبەجێکار تەماشای دەکەن لە ماڵێکدا کە ئەو خاوەنی بستێکی نییە"[21]. لە هەموو ئەمانەیش ئاڵۆزتر پەیوەندیی سوودانی و مالیکییە، کە لە ماوەکانی ڕابردوودا پەیوەندییەکانی سوودانی لەگەڵ باوکە سیاسییەکەی- کە مالیکییە- بەرەو گرژی و پێکدادان چوو، بەتایبەت کاتێك ویستی گۆڕانکاری لە کابینەکەی بکات و مالیکی شکستی پێ هێنا[22]. لە دەرەوەی ئەو بەریەککەوتنە ئاشکرایەیش ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن، سوودانی دەیەوێت دوور لە مالیکی لەسەر پێی خۆی بوەستێت؛ ئەمەیش پێچەوانە و دژە لەگەڵ بیرکردنەوەی ناوبراو کە خۆی بە خاوەن چاکەی گەورە دەزانێت لەسەر سوودانییەوە [23]، هەروەها خۆی بە خاوەن چاکەی گەورە دەزانێت لە قوتارکردنی "چوارچێوەی شیعی" لە پرۆژەی حکوومەتی زۆرینەی سەدر. هەندێك زانیاری و دزەپێکردنیش باس لەوە دەکەن مالیکی لە بنەڕەتەوە کەیفی بە سوودانی نایەت و حەزی لە درەوشانەوەی

ئەستێرەی سیاسیی نییە و لە بری پشتیوانیی سوودانی، خۆی خەون و پرۆژەی گەڕانەوەی بۆ سەرۆکایەتیی وەزیران هەیە.

## چانسی سوودانی بۆ هەڵبژاردنی 2025

بەپێی هەندێك توێژینەوە و پێشبینیی بەرایی، بەپێچەوانەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان (کۆتاییی 2023) بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان (2025)، محەمەد شیاع سوودانی هاوپەیمانییەك دروست دەکات. ئەم هاوپەیمانییەیش چانسی ئەوەی هەیە ببێتە خاوەنی زیاتر لە 1/ 3ی کورسیی نوێنەرایەتیی سیاسیی پێکهاتەی شیعە. ئەم بەدواداچوونە کە پشتی بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان بەستووە، باس لەوە دەکات ئەگەر ئەو هاوپەیمانییە سەر بگرێت، ئەگەری هەیە سوودانی 60 کورسی لە پەرمانی داهاتوو بباتەوە لە کۆی 329، ئەویش لە ڕێگەی هاوپەیمانی لەگەڵ پارێزگا براوەکانی بەسرە و کەربەلا و واست، لەگەڵ هێزە نوێیەکانی دەرچوو لە هەناوی تشرین و هەندێك هێزی تری نوێی نزیك لە ئێران. لەم هاوپەیمانییە چاوەڕوانکراوە گریمانەییەدا، چاوەڕان دەکرێت سوودانی ١٠ کورسی ببات لەو ٦٠ کورسییەی باوەڕ وایە بەدەستی دەهێنن.[24] ئەم پێشبینییە تەنیا باس لە چانسی هاوپەیمانییەك دەکات بە سەرۆکایەتیی سوودانی و ئەوەیشی لەبەرچاو نەگرتووە، دەشێت لە ئاییندەدا سوودانی و سەدر ببنە هاوپەیمان، ئەگەر هات و سەدر بڕیار بدات بگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی سیاسی و لە هەڵبژاردندا بەشداری بکات. ئەم ئەگەرە کە هێشتا هەر لە قۆناغی گریمانە و خەملاندندایە، سەرچاوەکەی ئەو بێدەنگییەی سەدرە بەرامبەر خودی کەسایەتیی سوودانی؛ لە کاتێکدا بەردەوام هێرش دەکاتە سەر هێزەکانی تری چوارچێوەی هەماهەنگی و تەنانەت حکوومەتەکەیشیان و بە "گەندەڵ" و "حکوومەتی عەباسی" وێنا دەکات[25] کە لە باوەڕی شیعیدا مافی شەرعیی عەلەوییەکانیان زەوت کردووە.

بەشێك لە هۆکاری هێوریی پەیوەندیی سەدر و سوودانی، دەشێت بێدەنگیی ماوەدرێژ و زۆری سەرۆکوەزیران بێت لە ئاست پرسە جێگەمشتومڕەکان، یان هەڵبژاردنی پێگەی نێوانگر و مامناوەند لە ئاڵۆزییەکانی ناوخۆی شیعەدا. جگە لەوەیش هێشتا کەسایەتیی سوودانی بە شێوەیەکی زەق و گەورە بە گەندەڵی و پارەخستنەلا تۆمەتبار نەکراوە[26]. ئەمەیش لەگەڵ دروشمی سەدردا دەگونجێت کە بانگەشەکردنی چاکسازییە.

## مامەڵەی وڵاتانی عەرەبی و کەنداو لەگەڵ سوودانی

هەرچەندە سوودانی بە پلەی یەکەم و زیاتر سیاسییەکی جێبەجێکار و نێوخۆییە، بەڵام لەسەر ئاستی وڵاتانی دەرەوەیش پەیوەندیی لەگەڵ بازنە عەرەبییەکەی عێراق، بەتایبەت وەڵاتانی کەنداو باشە و وەك مالیکی بێزراو نییە. وڵاتانی کەنداو کراوەن بەڕووی مامەڵەکردن لەگەڵ سوودانی و، لای ئەوان عێراق خاڵی بەیەکگەیاندنی کەنداو و ئێران و تورکیا و تا ڕادەیەکیش سووریایە. لای خۆشییەوە سوودانی سیگناڵی ئەوەی داوە کە بەردەوامە لە هاریکاریی هەرێمایەتی و پرۆژەی هاوبەش لە بواری تۆڕی کارەبا و سوودوەرگرتن لە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی عەرەبی و هی وڵاتانی کەنداو[27]. سوودانی بەڕووی وڵاتانی تری وەك ئوردن و میسردا کراوەیە و پەیوەندی و سەردانی لەگەڵ سەرکردەکانی ئوردن و میسر و سعوودیا و ئیمارات هەبووە[28]. لە هاوینی ساڵی پاریشدا (2023)، چەند شاندێکی دیپلۆماسیی عەرەبی و وڵاتانی کەنداو سەردانی عێراقیان کردووە و چاویان بە سوودانی کەوتووە[29]. هەرچەندە پەیوەندییە عەرەبییەکان

و هی وڵاتانی کەنداو لەگەڵ عێراق بێ کێشە نین و سیاسەتی گرووپە چەکدارەکانی بنکە سیاسییەکەی سوودانی بەرامبەر وڵاتانی کەنداو زۆر جار زبر و توندە، بەتایبەت لەگەڵ کوێت، کە کێشەی سنووریی زۆری لەگەڵ عێراق هەیە، بەڵام ئەو وڵاتانە لەسەر کەسایەتیی سوودانی ڤیتۆیان نییە و نەبووەتە کێشە بۆیان.

**پەیوەندیی سوودانی لەگەڵ ئەمریکا**

پەیوەندی حکوومەتی "چوارچێوەی شیعی" لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکا لە پاش هەڵگیرسانی جەنگی غەززە (7ی ئۆکتۆبەری 2023)، چووە دۆخی گرژی و پێکدادان و مووشەکهاوێشتن و هێرشی درۆنییەوە کە لە هەردوو لا کوژراوی لێ کەوتووەتەوە[30]، کەچی سەرباری ئەمە لە کۆنگرەی ئاسایشی میونشن بۆ سێیەم جار سوودانی لەلایەن جێگری سەرۆکی ئەمریکاوە (کامالا هاریس) بانگهێشتی کۆشکی سپی کرایەوە؛ بانگهێشتی یەکەم لە ئەیلوولی 2023 لەلایەن  جۆ بایدنی سەرۆکی ئەمریکا بوو، دووەمیش لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا لە داڤۆس بە سوودانی ڕاگەیەنرا[31].

بەپێی ئەو ئاماژانەی هەن، بە لای ئەمریکییەکانەوە سوودانی بژاردەیەکی باش و ناچاریی شیعیی بەردەستە، لەو ماوەی کە دەستبەکار بووە لە حکوومەت "ئیلینا ڕۆمانۆسکی" باڵیۆزی ئەمریکا، چەند دیدارێکی تایبەت و تەنیای لەگەڵ سوودانی ئەنجام داوە، هەروەها هەشتا دیداریشی لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتەکەی و وەزیرەکانی کابینەکەی هەبووە[32]. ئەمەیش ئاماژەی کاری هاوبەش، لە هەکان کاتیشدا دروستکردنی گوشارە لەسەری بۆ ئەوەی زۆر بە لای توندڕەوەکانی شیعەدا لاسەنگ نەبێت و لە ئێستایشدا سوودانی لە بەرداشی ئەو دوو کارتێکەرە گەورە دژبەیەکەدایە و هەڵکشان و داکشانی پەیوەندیی بەرەی ئەمریکا و ئێرانیش، بەتایبەت لە بارودۆخی جەنگی غەززەدا، کاریگەری و لێکەوتەی ڕاستەوخۆیان لەسەر پرۆژە و سەرکردایەتییەکەی دەبێت.

# کۆبەند

سوودانی سیاسییەکی سێبەر و نەوەی دووەمی سەرکردەکانی حزبی دەعوەی شیعە بووە کە پۆستی سەرۆکوەزیرانی وەرگرت. هەرچەندە لایەنەکانی چوارچێوەی شیعی وەک بەڕێوەبەرێکی جێبەجێکار و بژاردەیەکی ناچاری تەماشای دەکەن لە دۆخێکی تایبەتدا و خۆیان ئەنجومەنێکی حوکمڕانییان هەیە لە سەروو ئەوەوە، بەڵام هەندێك چانس و هەندێك دەرفەتی بۆ هەڵکەوتووە کە خزمەت بە پرۆژەکەی دەکەن کە هەوڵی بنیاتنانی سەرکردایەتییەکی سیاسیی شیعیی پراگماتی و جێبەجێکارە کە دروشم و بیروباوەڕ لە دامودەزگەکان جیا بکاتەوە.

میکانیزمەکانی کاری سوودانی لەسەر چەند بنەمایەك بنەڕەتە، لەوانەیش: دروستکردنی حزب، عەشیرەتەکەی، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و ڕاگەیاندنی پرۆژەی ستراتیژی، کرانەوە بەڕووی وڵاتانی کەنداو و عەرەبی، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمریکا لە سنووری گونجاودا، پەیوەندیی باش لەگەڵ هەردوو پێکهاتەی سوننە و کورد لەگەڵ خۆبەدوورگرتن لە بەریەککەوتن لەگەڵ سەدرییەکان، لە هەمان کاتیشدا هەوڵی ڕازیکردنی تەواوکەرەکانی ئێران. ڕێگەی سوودانی بۆ گەیشتن بە ئامانج چۆڵ نییە و بە ئاڵنگاریی گەورە تەنراوە؛ لە پێش هەموویانەوە گرێی مالیکی، پاشان ئەو ئەو هێزە شیعە ڕاستڕەوە عەقیدەیی و

چەکدارانەن کە تەنیا وەك هەڵسووڕێنەرێك و بەڕێوەبەرێکی جێبەجێکار لێی دەڕوانن و نایانەوێت قەبارەی هێندە گەورە ببێت کە ڕێساکانی هاوکێشەکە تێك بدات. لە ئێستایشدا کە جەنگی غەززە عێراقی خستووەتە گرژی و ڕۆڵی گرووپە چەکدارەکان هەڵکشاوە، ئاستەنگەکانی سوودانی زیاتر بوون و ڕاگرتنی باڵانس لە نێوان میحوەری ئێرانی و ئەمریکیدا لەسەری قورس بووە و ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێت ئەگەر بگوترێت بەشێکی زۆری چارەنووسی، بەستراوە بە هەڵکشان و داکشان و لێکەوتەکانی جەنگی غەززەوە.

[1] https://bit.ly/3I17vSD

[2] https://bit.ly/4bFtImP

[3] https://bit.ly/3uq3eW0

[4] https://2u.pw/4dlPDkh

[5] https://bit.ly/49EkXHU

[6] https://bit.ly/49lo4Vy

[7] https://bit.ly/3wgubfb

[8] https://bit.ly/48kPU2Z

[9] https://bit.ly/3wjPjRV

[10] https://bit.ly/4bFgXsA

[11] https://bit.ly/3I45kxQ

[12] https://bit.ly/3UE7lby

[13] https://bit.ly/42PFS8Y

[14] https://bit.ly/3OLHKK4

[15] https://bit.ly/49BvyDI

[16] https://bit.ly/42FCxsV

[17] https://bit.ly/42KI0OZ

[18] https://bit.ly/3wlegw7

https://bit.ly/3I9FQip

https://bit.ly/3I52sk8

https://bit.ly/42L4M9N [19]

https://bit.ly/48lzYxr [20]

https://bit.ly/3SM4s5Z [21]

https://bit.ly/3UKlW5s [22]

https://bit.ly/49F6N9u [23]

https://bit.ly/49E3IGN [24]

□ https://bit.ly/3I0NNXg [25]

https://bit.ly/42KAi7R

https://bit.ly/48lBYWt [26]

https://bit.ly/42MYAxN [27]

□ https://bit.ly/3UFgBw9 [28]

https://bit.ly/48kfKUL

https://bit.ly/3UIwL80 [29]

https://bit.ly/3SGuWWl [30]

https://bit.ly/48lgJ6U [31]

https://bit.ly/49utc9A [32]